## کاوڕ

ئەوەندە گوێ بەکێشەی کەسە پیرەکانی چواردەورت نەدەیت، لەکاتی واژۆکردنی هەر گرێبەستێکدا ئاگاداربە کەسێک لە رابردودا دەبێتەوە بەبەشێک لە ژیانت، هەینی ڕۆژی بەختە.

## گا

کاتی ئەوەهاتووە بێهەڵوێست نەمێنیتەوە خۆشەویستەکەت لێت زویر دەبێت ئەگەر بەو پەیوەندییە نهێنییەت بزانێ، لە روی مادییەوە توشی قەیران دەبیتەوە، پێنجشەممە ڕۆژی بەختە.

## دوانە

ئەو حاڵەتە میزاجییەت کار دەکاتە سەر پەیوەندییەکانت، دەسکەوتی مادیت دەبێت، هەندێ کەس دەیانەوێ لەکەدارت بکەن، رارامەبە لەو کارەی بەنیازیت بیکەیت یەکشەممە ڕۆژی بەختە.

## قرژاڵ

بەهۆی خولێکی کارکردنەوە، توشی پەیوەندییەکی ڕۆمانسی دەبیتەوە، دەتوانی ئیستیغلالی بکەیت، دەسکەوتی مادیت دەبێت، توشی شەراکەتی تازە دەبیت، چوارشەممە ڕۆژی بەختە.

## شێر

هەوڵمەدە بیروڕاکانی خۆت داسەپێنی، لەکەسی بەرپرس نزیک دەبیتەوە، هەندێک کێشەت لەگەڵ ناسیاوو هاوڕێکانتا بۆ دروست دەبێت، پێنجشەممە ڕۆژی بەختە.

## فەریک

سەفەر مەکە جگە لە کاتی پێویست، فرسەت لەبەردەستدایە بۆ بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی، پێویستە ماوەیەک لەگەڵ خێزانەکەتدا کات بەسەر بەریت دووشەممە ڕۆژی بەختە.

## تەرازوو

کەسایەتی بەهێزت وادەکات کە چواردەورەکەت چاوت تێببڕن، ئاگاداری خۆتبە، بەهۆی تێکەڵ بوونت لەگەڵ خەڵکی تازە، توشی کارێکی نوێ دەبیت، هەینی ڕۆژی بەختە.

## دوپشک

ئاگات لەخۆت بێت لە کاتی توڕەبوندا، نهێنییەکانت نەدرکێنی، روبەڕوی کێشەکانت ببەرەوە با کەڵەکە نەبن، خۆشەویستییەکی کۆن دروست دەبێتەوە، دووشەممە ڕۆژی بەختە.

## کەوان

پەیوەندییە سۆزدارییەکەت پەرە دەسێنێ، لە روی مادییەوە وەزعت باش دەبێتن ماوەیەک هەوڵبدە بە تەنیایی کات بەسەر ببەیت، پێنجشەممە ڕۆژی بەختە.

## گیسک

سەفەری کار هیچ سودێکی نابێتن هەموو زانیارییەکان کۆبکەرەوە ئەوسا بڕیار بدەن، بۆ سوکبونی باری دەرونیت، هەوڵبدە هیچ لە دڵتا نەهێڵیتەوە، سێشەممە ڕۆژی بەختە.

## سەتڵ

هەستوسۆزت زیاتر لە هەموو کاتێکی تر دەردەکەون، لەکارکردندا پشت بەکەس مەبەستە، سیستمی ژیانت پێویستی بەگۆڕانەن تاوەکو بارودۆخی ماڵەوەت ئاسایی بێتەوە، سێشەممە ڕۆژی بەختە.

## نەهەنگ

گرنگی زۆر بە منداڵەکانت بدە، ئەوان پێویستییان بە تۆیە، کاتێکی باش نییە بۆ کردنی هەندێ کار، توشی کێشەی دارایی دەبیتەوە، چوارشەممە ڕۆژی بەختە.

# کەیت ئاهەنگی ئۆسکار پێشکەش دەکات



**ئامادەکارانی ئاهەنگی فیستیڤاڵی جیهانی ئۆسکار رایانگەیاند ئاهەنگی ئۆسکاری ئەمساڵ لەلایەن ئەستێرەی بەناوبانگی هۆلیود کەیت وینسلێتەوە پێشکەش دەکرێت.**

**ئەو ئامادەکارانە ئاماژەیان بەوەش کردووە کە لەپاڵ کەیت وینسلێتدا هەردوو ئەستێرەی بەناوبانگ شۆن بینو پێنەلوپێ کروز بەشداری دەکەن لەبەڕێوەبردنی ئاهەنگەکەدا.**

**ئەم سێ ئەکتەرە هەرسێکیان لەسێ کاتی جیاوازدا براوەی خەڵاتی ئۆسکاربوونو هەر لەبەرئەوەشە ئامادەکارانی ئاهەنگەکە داوایان لێکردوون ئۆسکار بەڕێوە ببەن.**

**ئاهەنگی ئۆسکاری ئەمساڵ خولی ٨٢ی ئەو خەڵاتەیەو بڕیار وایە لەحەوتی ئەم مانگەدا فێستیڤاڵەکە سازبکرێت.**



## وشەی یەکتربڕ

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | | | | | |
| ٢ | | ■ | | | | | | ■ | | | | ■ | | |
| ٣ | | | | | ■ | | | | ■ | ■ | | | ■ | |
| ٤ | | | | | ■ | | | | ■ | | | | ■ | |
| ٥ | | | ■ | ■ | ■ | | | ■ | ■ | | | | | ■ |
| ٦ | | | | | | | | | | ■ | | | | |
| ٧ | | | | | | | ■ | | | | | ■ | | |
| ٨ | | ■ | | | ■ | | | ■ | | | | | ■ | |
| ٩ | | | ■ | ■ | ■ | | | | | | ■ | | ■ | |
| ١٠ | | | ■ | | | ■ | | | | | ■ | | | ■ |
| ١١ | | | | | | | | | ■ | ■ | ■ | | | |
| ١٢ | | ■ | | | | | ■ | | | | | | | |
| ١٣ | | | ■ | ■ | | | | ■ | ■ | | | | ■ | |
| ١٤ | | | | | ■ | | | | | ■ | | | | ■ |

### ئاسۆیی

١.خۆی سمێڵی نییەو بە.....
٢.منداڵی نابێت (پ)، توێژ، ژمارەیەکە.
٣.ناوێکی کۆنی پیاوانەیە، بەشێکی لەشە، قاچ (پ).
٤.دادە، خەندە (پ)، بەدری بێسەر (پ).
٥.وەکویەکە، نیوەی سەوا، دایکی بووک.
٦.دێیەکە ئاوێکی سازگاری هەیە (پ)، بەرگی لێفە.
٧.جلوبەرگێکی کوردییە، تەنیشی پێ، بێچووی بوو.
٨.خلیسک (پ)، کەمی بێناوەڕاست، ناوێکی کۆنی ژنانەیە.
٩.وەکویەکە، بەدەست ئەکرێ (پ).
١٠.دووخڕ، لق، جۆرێکی پێڵاوە، وەکویەکە.
١١.باڵندەیەکی شوومە (پ)، ڕەش (پ).
١٢.پێداویستی ماڵە، مانگێکی کوردییە (پ).
١٣.نوێ، نەماوە (پ)، دەنگی زنجیر.
١٤.فریشتە (پ)، شاعیرێکی کۆچکردووە، دڕک.

### ستوونی

١.گۆرانیبێژێکی میللییە.
٢. ٥١١١٥، تایبەتە بە باڵندە (پ)، گێژ.
٣.مارکەیەکی پاک کەرەوەیە (پ)، لەرزی بێخڕ، چی (پ).
٤.کورتکراوەی ناوێکە، خواردنێکی سەرەکییە (پ)، قسەی هێواش.
٥.نیوەی زەرد (پ)، شەقی توند.
٦.باڵندەیەکە، پێخەف.
٧.گێلی (پ)، ناوێکی کوڕانەیە، نەخێر.
٨.ژێر (پ)، تەنیشت (پ)، خاوێن.
٩.چەمی بێبن (پ)، باوەش.
١٠.راناوێکی پرسە، بازنەیی (پ)، رووبەند، خێرا (پ).
١١.لە سەرەوە ئەپێچرێ (پ)، رووناک کەرەوەیەکە (پ).
١٢.قەڵس، قەزایەکە لە کوردستان (پ).
١٣.لادێ (پ)، کانزایەکی بەنرخە (پ)، بینایی.
١٤.دار ئەبڕێ، ماڵ، سەگ (ت).

## وەڵامی ژمارەی پێشوو

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ■ | پ | ی | ک | ه | ن | ی | ن | ی | گ | ه | د | ا | ■ |
| ٢ | س | ■ | ب | و | ■ | ■ | ■ | ■ | ■ | ■ | م | و | ■ | م |
| ٣ | ا | د | ■ | ر | ت | ز | ■ | ■ | غ | ا | س | ■ | ه | ه |
| ٤ | ل | ا | ب | ■ | م | ا | س | ت | ا | و | ■ | ر | ف | س |
| ٥ | م | ی | ر | ک | ■ | ر | ب | ه | ز | ■ | ر | و | ه | ت |
| ٦ | ■ | ز | ی | ا | پ | ■ | م | ل | ■ | ک | ی | ا | د | ■ |
| ٧ | ئـ | ■ | ا | و | ا | ئـ | د | ه | م | ح | ه | ئـ | ■ | م |
| ٨ | ا | د | ■ | ه | ■ | ■ | ■ | ■ | ■ | ■ | س | ■ | ش | و |
| ٩ | ل | و | ک | ■ | س | ر | ■ | ■ | گ | ا | ■ | ن | ی | ش |
| ١٠ | ا | ک | و | ب | ■ | ا | گ | ی | ن | ■ | ف | س | و | ی |
| ١١ | ن | ا | ■ | ه | ز | ب | ■ | ■ | ه | م | ر | ■ | ه | ن |
| ١٢ | ■ | ن | ی | ل | ■ | ی | ج | ا | ب | ■ | م | ی | ن | ■ |
| ١٣ | ل | ■ | چ | ه | ت | ر | ■ | ■ | ه | ل | ا | ب | ■ | ی |
| ١٤ | گ | ز | ■ | ج | و | ز | ه | ر | د | ا | ن | ■ | و | ف |

ئامادەکردنی: کوردە قادر

# ٥٢٠٠ کەس بەڕوتی وێنە دەگرن



لەسیدنی پایتەختی ئوستراليا ٥٢٠٠ کەس لەهەموو تەمەنو شێوازو قەبارەیەکی جیاواز بەرووتی لەکەشێکی زۆر ساردا بەکۆمەڵ لەلایەن هونەرمەندی بەناوبانگی ئەمەریکی "سپێنسەر تونیک" کۆدەکرێنەوەو وێنەیان دەگیرێت، کە بەشێوازی راکشانو دەست بەرزکردنەوەو لەباوەش گرتن وێنەی دەگرتن.
سپێنسەر دەڵێت "راکشانی ژنو پیاوەکان بەتەنیشت یەکەوە، نامەیەکی زۆر بەهێزە بۆ جیهان کە ئوستراليا کۆمەڵگەیەکی ئازادو یەکسانە"، هەروەها ئەم هونەرمەندە نیوەی ئەم ژمارەی لەئامادەبوان بردە هۆڵێکەوەو لەوێش وێنەی گرتن.
شایەنی باسە ئەم هونەرمەندە ناسراوە بە وێنەگرتنی "رووتی بەکۆمەڵ" بۆ رووداوە جیاوازەکانی جیهان.

# بۆقیش بەوەفایە



لەنوێترین توێژینەوەدا زاناکان بۆیان دەرکەوتووە کە لەدارستانەکانی ئەمەریکای باکور جۆرە بۆقێک هەیە کە بەوەفاترین ئاژەڵی سەر رووی زەوییە.
ئەو زانایانە لەرێی توێژینەوەکانەوە بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو جۆرە بۆقە بەدرێژایی ژیانی دڵسۆز دەبێت بۆ مێیەکەی‌و لێی دوور ناکەوێتەوەو پەیوەندیش لەگەڵ هیچ بۆقێکی تردا نابەستێت.
زاناکان سەرسوڕمانی خۆیان لەم حاڵەتە دەربڕیوەو رونیان کردووەتەوە کە تائێستا هیچ ئاژەڵێکی تر نەبووە هێندەی ئەم بۆقانە دڵسۆزی بۆ مێینەکانیان دەرببڕن.

# بەیەک ڕۆژ ٢٥ کیلۆی دابەزاند





کچێکی بەریتانی لەماوەی یەک ڕۆژدا ٢٥ کیلۆ لەکێشی دابەزی دوای ئەوەی پزیشکەکان بۆیان دەرکەوت کە هەڵئاوسانەکەی بەهۆی کیسێکەوەیە کە لەورگیدا دروست بووە.
ڕۆژنامەی "دەیلی ماڵ" بڵاویکردەوە کە ئەو کچە ناوی ماری فایکەرزەو تەمەنی ٢٧ ساڵە، پێشتر وەک ئەوە وابووە منداڵێکی دوانە لەسکیدا بێت، بەڵام پزیشکەکان بەنەشتەرگەرییەکی قورس ئەو کیسەیان لەورگیدا لابردووە.
ماری ماوەی دووساڵە کێشی زیادی کردووە، بەڵام بەم دواییە زیادبوونی کێشەکەی نائاسایی بووە، ماری لەم بارەیەوە دەڵێت "بڕوام نەکرد لەرۆژێکدا ئەوەندە کێشم دابەزێت".

# منداڵێک لەترافیک لایتدا لەدایک دەبێت



لەکاتی بردنی ژنێکی پاکستانی بۆ نەخۆشخانەی منداڵبوون، بەهۆی رۆشتنی ئاسەف زەرداری سەرۆکی پاکستان، پۆلیس ئەو رێگەیە دادەخاتو پاش دروست بونی قەرەباڵغییەکی زۆر ژنەکە لەو ترافیک لایتەدا منداڵەکەی دەبێت، کەسێکی نزیکی ژنەکە رایگەیاند پاش ئەوەی بە پۆلیسمان راگەیاند کە حاڵەتێکی بەپەلەمان پێیە بۆ نەخۆشخانە بەڵام پۆلیسەکان رەتیانکردەوە تا سەرۆک تێنەپەڕێت کەس بۆی نییە بەم رێگەیەدا بڕوات، هەروەها "وتیشی ئەمە ئازاری هەموو هاوڵاتییەکی ئەم وڵاتەیە لەکاتی تێپەڕینی دەسەڵاتداراندا ژیان بەتەواوی لەو شوێنەدا دەوستێت کە ئەوانی پیادا تێدەپەڕێت".

# شەقامێک لەتەماتە



لەشاری جهار خاندی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی هیند چەند جوتیارێک بەدەیان تەن تەماتەیان بەسەر شەقامە سەرەکییەکانی ئەوشارەدا بڵاوکردەوەو بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بەتەواوی رێگاکانی هاتوچۆیان داخست.
جوتیارەکان رایانگەیاندووە کە ئەم هەنگاوەیان بۆ دەربڕینی تووڕەییە بەرامبەر حکومەتی ئەو وڵاتە کە گرنگی بەبەروبوومی تەماتە نادات‌و کەل‌و پەل‌و پێداویستی بۆ دابین ناکات.
هەمانکات هەڕەشەی ئەوەیان کردووە کە ئەگەر حکومەت بەدەنگ داواکانیانەوە نەچێت، ئەوا جارێکی تر دوو هێندە تەماتە دەڕژنە سەر شەقامەکان.